

# شيعرو فةلسةفة

دارا مةحمود

## بةشي يةكةم

لێدوان لە پەیوەندی نێوان شیعر و فەلسەفە کارێکە تەنیا لە ژماردنی خاڵە جیاوازو لەیەکچووەکانی نێوانیان خڕنابێتەوە و بۆ دیتنەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دووانە پێویستمان بە هەندێك پێداچوونەوەی فەلسەفەو ئەدەبیات هەیە.

لە ئەدەبی کوردیدا زۆر جار دوو واژەی شیعرو فەلسەفە یان شاعیرو فەیلەسوف پێکەوە دێن. گەرچی وەها پێکەوە گرێدانێك لە ئەدەبی کوردیدا بنەمایەکی لۆژیکمەندانەو واقیعیانەی نییە. بەڵام کارەکە لەدەرەوەی تێڕوانینە هەڵەکانی ئێمەدا هێندەش لەواقیعەوە دوور نییە.

پەیوەندی دیرۆکیی ئەدەبیات بە فەلسەفەوە هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆیەوە دیتووە. سەردەمێك نزیکبوونەوەی فەلسەفە لە زانست و سەردەمێکی تریش کشان بەرەو ئەدەبیات. لە سەردەمی فەلسەفەی کلاسیکدا لە ئاتێن، و لە ئیتالیای سەردەمی ڕێنیسانس و فەرەنسای سەدەی هەژدەهەم، لەکاتێکدا باوەڕێکی ڕەها بە یۆتۆپیای ئەقڵانی لە ئارادا بوو، فەلسەفەو ئەدەبیات لەسەر یەك ڕێچکە دەڕۆیشتن.1 بەڵام فەیلەسوفانی ئەنگلۆساکسون، شاعیریان بە نەزان لەقەڵەم دەدا. سانتیانا دەڵێت: ( من مرۆڤێکی نەزانم و نیمچە شاعیرێکم)2 ئەمەش لەوەوە هاتووە کە شاعیران هیچ شتێك لە زانست و بوون و سروشتناسی و مرۆڤ نازانن و تەواوی دەربڕینەکانیان سوبژێکتیڤانەیە.3 هەروا فەیلەسوفە ماتریالیستەکان بەگشتی و ئەڵمانی بەتایبەتی،بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆیان پتر بەلای زانستدا دەچوون تا ئەدەبیات. و پەیڕەوانی مارکسیزم بۆ سەلماندنی بنەماکانی ماتریالیزمی دیالەکتیك و ماتریالیزمی دیرۆکی دەگەڕانەوە سەر دەستکەوتە زانستییەکان و ئەمیش بە تایبەتی لە بواری فیزیك و زیندەوەرناسیدا...بەڵام فرانسیس بیکۆن زانستی لە سێ بەشدا دەدیتەوە: (دیرۆك و شیعرو فەلسەفە) 4. کەواتە بە پێی ئەم دابەشکردنەی بیکۆن، فەلسەفە چ بەرەو زانست بچێت یان ئەدەبیات خۆی هەر لەبەرانبەر شیعردا دەبینێتەوە. تەنانەت گەلێك لە فەیلەسوفان لە بەراورد کردنی شیعرو دیرۆکدا، شیعر نزیکتر دەزانن لە فەلسەفە تا دیرۆك. و ئەرەستۆ دەڵێت: ( شیعر لە دیرۆك فەیلەسوفانە ترو گرنگترە. چونکە شاعیر مامەڵە لە گەڵ (کولیات)دا دەکات.)5 و تەنانەت هەندێك لەمە بەولاوەتریش دەڕۆن و بۆ نموونە شیلی دەڵێت: (شاعیران گەیشتوونەتە مەزنترین پلەی بەهێزیی و شیعر چەقی هەر مەعریفەیەکە...)6 و بەلای هەندێکی ترەوە جوێکردنەوەی شیعرو فەلسەفە یان شاعیرو فەیلەسوف لەیەکتر هەر لە بناغەوە کارێکی

ئەستەمەو لەواقیعدا هەر یەکن. بۆیە سامۆئێل کولیرڈز دەڵێت: (شاعیر فەیلەسوفە. بەڵام بە شێوازێکی داپۆشراو).7

## بازنەي شیعرو فەلسەفة

گوتمان کە جیهانی شیعرو فەلسەفە زۆر لەیەك دەچێت و دەتوانین بە بازنەیەکی بچوێنین کە بەسەر یەکتردا ڕەت دەبنەوە. جارهەیە فەلسەفە بنەمای شیعرەو جاری تریش بە پێچەوانەوە، واتا شیعر دەبێتە بنەمای فەلسەفە.

لەناو خەڵکیدا، بەڕۆشنبیرانیشەوە، هەمیشە واباوبووە کە پلەی فەلسەفە لە شیعر لەسەرتر بووبێ. واتا فەلسەفە زانستێکی ئالۆزو تایبەت بە نوخبەیەکی کۆمەڵگا. لە حاڵێکدا شیعر بابەتی هەمووان و بۆ هەمووان بووە. بەڵام لەواقیعدا جۆرێکی ترە. و چۆن شیعری فەلسەفیانە ئیمتیازێکی شیعرە، هەر ئاواش زمانی شاعیرانە لە فەلسەفەدا ئیمتیازی فەلسەفەیە. مەزنی بەرهەمەکانی نیچە تەنیا لەپەیام و ناوەرۆکی فەلسەفەکەی و دیدی بێ وێنەی فەلسەفیانەیدا نییە، بەڵکو لەزمانە شاعیرانەکەشیدایە. هەربۆیە جارهەیە بە فەیلەسوفی شاعیروجاری تریش بە شاعیری فەیلەسوف ناودەبرێت. و لە شاکارە بەناوبانگەکەیدا (زەردەشت وای وت)، بە زمانی شاعیرانە ئاوا دەست پێدەکات:

ئەی ئەستێرەی مەزن! ئەگەر کەسانێك نەبوونایە تا ڕوناکیت بەسەریاندا بڕژێنی ، بەچی خۆشحاڵ دەبووی؟ دەساڵی تەواوە لێرە تیشك بەسەر ئەشکەوتمدا دەڕژێنی، بەڵام ئەگەر من و هەڵۆو مارەکەم نەبووینایە، شکۆمەندیی ڕوناکیەکانت ڕوو لە کزی دەبوون و ئەم جووڵەو ڕۆیشتنەت بەرەو سستی دەڕۆیشت. 8

هەروا گوتەش، بە زمانی شیعر لە فەلسەفە دەدوێت و بەواتایەکی تر شیعرو فەلسەفە ئاوێتەی یەکتر دەکات و لە شیعرێکدا بەناوی(سروودی گیانەکان بەسەر ئاوەوە) دەڵێ:

گیانی مرۆڤ وەکو ئاوە
لە ئاسمانەوە دێت و
بەرو ئاسمان هەڵدەکشێتەوە... 9

لەم کۆپلە شیعرەی گوتەدا چەندان بازنە دەبینین: بازنەی سرووشت، بازنەی مەرگ و ژیان. و بازنەی ڕەتبوونی شیعرو فەلسەفە بەسەر یەکتردا.

تەمەنی بازنەی شیعرو فەلسەفە لەگەڵ تەمەنی ئەم دووانەدایە. و دەتوانین دەربڕینی فەلسەفیانە بە زمانی شیعر لە کۆنترین ئاینی مرۆڤایەتیدا ببینینەوە: ڤیدا (veda) کە کۆنترین پەڕتووکی ئاینییەو بەشی یەکەمی بە ناوی (ریگ ڤیدا) دەگەڕێتەوە سەردەمی پێکەوە ژیانی نەتەوە ئارییەکانی هیندو ئێرانی. و جێگای سەرنجە کە ڤیدا بە هەموو بەشەکانییەوە بە شیعر نووسراوەو هەر بۆیەش سەرەڕای ئەوەی لە بناغەدا پەڕتووکێکی ئاینییە لە هەمان کاتدا وەك کەلەپورێکی مەزنی ئەدەبیاتی هیندی و تەنانەت ئاریایی هەڵدەسەنگێنرێ. لە ریگ ڤیدادا هاتووە:

سەردەمێك

نە لەهەبوون هێمایەك و نەلە نەبوون

نەهەوا بوو، نە خاك و نە ئاسمان

نە پۆششێك نە پەنایەك

نا ئاوو، نە دەریای قوڵ

مەرگ نەبوو، و نەمریش هەروا....

پاشان لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

خوداكان پاشی جیهان

هاتوونەتە ناو بوونەوە

ئەی کێ دەسپێکی ئەم جیهانە بزانێ

..................................................

ئەو کە لە ئاسمانی بڵندەوە، حوکم دەکات

ئەم نهێنییە دەزانێت یان ئەویش نا..!؟10

زۆربەی هەرە زۆری جارەكان دەبینین شیعر خۆ لە فەلسەفە نزیك دەكاتەوەو دەچێتە جیهانی ئەوەوە. واتا شاعیر بە زمانی شیعر لە فەلسەفە دەدوێت، یان شیعری فەلسەفیانە دەڵێت. بەڵام هەمیشەش هەر بەمجۆرە نەبووە، بەڵکو پێچەوانەکەشی واتا ئەوەی فەلسەفەش شیعری کردۆتە بنەمای بیرکردنەوە. و لێرەدایە کە بازنەی شیعرو فەلسەفە دەگاتە تۆکمەبوونی خۆی. هەر لەم ڕووەشەوەیە گادامر دەپرسێت و دەڵێت: (کێ دەتوانێت شیعرو فەلسەفە لێك جیاکاتەوە..؟!)11

هەروا هایدگەریش لە پێکەوە ژیانی شیعرو فەلسەفە دەدوێت و پێیوایە لەتەك یەکەوەن. ئەمەش بەم واتایە نییە کە یەکن. دەکرێ دوو شت پێکەوە بن بەڵام یەکیش نەبن. هەرگیز نەکرێ لەیەکتریان جیاکەینەوە بەڵام لەیەکتریش دوور بن. هەربۆیە دەڵێت: شاعیران و بیرمەندان لەترۆپکە لێك دوورەکانەوە بەڵام لەتەك یەکەوە نیشتەجێن.! 12. شاعیری کەنەداییش ژان روییر دەڵێت: شیعرو فەلسەفە دوو برای دژ بە یەکن.13

گەرچی پەیوەندی شیعرو فەلسەفە مژاری بیرکردنەوەو گۆڕەپانی چالاکی هزریی گەلێك لە فەیلەسوفان بووە. بەڵام پێموانییە هیچکەس هێندەی هایدگەر جەختی لەسەر ئەم بوارە کردبێتەوەو گرنگی پێدابێت. چەقی بیرکردنەوەی هایدگەریش لەم ڕووەوە زمانە. و ئەم زمانەش لەشیعردا دەبینێتەوە و دەڵێت :

شاعیران لە تەواوی ئێمە دیدفراوانترن و لەم هەڵەیەدا ناژین کە ئاغای زمانن. بەڵکو مۆڵەت دەرەخسێنن تا زمان لە ڕێگای ئەوانەوە بدوێت14. ...هەروا دەڵێت: شاعیران فێرمان دەکەن چۆن لەسەر ئەم زەویە خانوو چێبکەین15. مەبەستی ئەویش شیعرێکی (هلدرین) ە کە لەوێدا دەڵێت:

Vol verdienst, doch dichterisch wohnet
Der mensch auf dieser Erde

مرۆڤ لەسەر خاك

لێوەشاوە، بەڵام شاعیرانە خانوو چێدەكات16

كە دیارە مەبەست لە چێكردنی خانوو شێوازە ئاساییەكەی نییە. كە مرۆڤی تاك یان خانەوادە لەبن میچێكدا بەسەری دەبەن. بەڵكو سەرتاپای ژیانی مرۆڤە كە زەمینیش خانووەكەیەتی.

هایدگەر دیسان دەربارەی گرنگی زمان دەڵێت: مرۆڤ لەو هەڵەیەدا دەژی كە پێیوایە ئەو ئاغاو خاوەنی زمانە. لە حاڵێكدا بە پێچەوانەوە زمان ئاغاو خاوەنی مرۆڤە.17 مەبەستیش لەزمان بەلای هایدگەرەوە نە لێرەداو نەهیچكاتیش زمانی ئاخاوتن بەم شێوازەی ئێمە تێیدەگەین و هەروا واژەو ڕستەو دەستورو یاسا زمانەوانییەكان نین. بەڵكو تەواوی چالاكی بیری مرۆڤە بە خەون دیتنیشەوە. ئەو پێیوایە كاتێك مرۆڤ گرنگی بەمە بدات كە چی دەڵێت، ئەوە ئەو نییە دیاریی دەكات چی بڵێت. بەڵكو قوڵترین و وردترینی زاتی شتەكانن بۆ ئەوی دیاری دەكەن. نالیش دەڵێت:

شەبنەم كە نەزم و نەسرە لە ئەوراقی غونچەدا

گویا بووە بەزارو زوبان و ددان و پوك

واتا شەونم بەسەر پەڕەی گوڵەوە (یاخود هەر دیمەنێكی سروشتی و زاتی هەر شتێك) شیعرو پەخشانی لەناو خۆیدا حەشارداوەو بەر لەوەی ئێمە دەریان بڕین ئەوان خۆیان هەن و تەنیا لە ڕێگای زمانەوەیە كە ئێمە دەیانخەینە جیهانی دەربڕینەوە.

جێگای گوتنە بەر لە هایدگەریش، (كانت) جەخت لەسەر ئەمە دەكاتەوە كە فەیلەسوفەكان بۆ ئەوەی ڕاڤەو لێكدانەوەی تۆكمەو تەواویان لەسەر جیهان هەبێت دەبێ  توێژینەوە لە ئەزموون و ئەندیشەی هونەرو هونەرمەنداندا ئەنجام بدەن. هەربۆیە تازە (ژان هرمن رندال) دەڵێت: سەرچاوەیەكی سەرەكی ئیلهامی ئایدیالیزم و ڕۆمانتیزم كە لەسەدەی 19هەم لە ئەڵمانیا مۆدو ڕەواجی هەبوو،(ڕەخنەی حوكم)ی كانت بوو18

هەروا نیچەش لە (خواستی دەسەڵات) دا دەڵێت: من لە بناغەدا لەگەڵ هونەرمەنداندا هاوبیرم تا لەگەڵ فەیلەسوفێكدا. ئەوان هێشتا بۆنی ژیانیان بزر نەكردووەو شتەكانی ئەم جیهانەو هەستەكانی خۆیان خۆشویستووە.19

## ماویەتی

سەرچاوەو پەراوێزەكان:

1- ایزایا برلین، نسیج الانسان الفاسد، ترجمه سمیه فلو عبودز دارالساقیز بیروت-لبنان 1993ص42

2-جان گلن گری، شاعران ومتفکران. ترجمه: محمد سعید حنایی کاشانی- له (کارنامه)وه.

3- جان گلن گری.. هەمان سەرچاوە.

4- عزت الله فولاتوند، رابرت برنز- بخارا- شماره 24 ایران تهران 11-12-2004

5-كارل يبرز، نصوص مختارة من التراث الوجودي. ترجمة فؤاد كامل.الهيئة المصرية العامة للكتاب 1987 ص14

6- کارل یبرز.. هەمان سەرچاوە.

7- هەمان سەرچاوە.

8- اشعار گوته بالعربیه- البیان موسسه البیان للصحافه والنشر-امارات.

9- فریدریش نیچه. چنین گفت زرتشت. ترجمه مسعود انصاری. جامی. چاپ اول 1377 ص29

10- بڕوانە دکتر محمد جواد مشکور. خلاصه ادیان- در تاریخ دینهای بزرگ- انتشارات شرق 1372 ص58

11- هانز غادامر، تجلي الجميل.ترجمة سعيد توفيق المجلس الاعلي للثقافةز القاهرة 1996 ص224

هەمان سەرچاوە.

12- جان گلن گری..سەرچاوەی پێشوو

13- شکری نوری، حوار مع الشاعر الکندی جان رویير. القدس العربی. ژمارەی ڕۆژی 28- 1-2005

14- جان گلن گری. سەرچاوەی پێشوو

15- هەمان سەرچاوە

16- هەمان سیرچاوە

17- هەمان سەرچاوە.

18- هەمان سەرچاوە

19- فریدریش نیچه. اراده قدرت. ترجمه دکتر مجید شریف. چاپخانه نیل. تهران 1377 ص 414